# پاش 9ساڵ چاوەڕووانی
# حکومەتی هۆڵەندا دەیەوێ
# ڤیان ڕەئووف وخێزانەکەی بەزۆر بنێرێتەوە بۆ عێراق

(ڤیان ڕەئووف محەمەد) ژنێکی تەمەن 33 ساڵە ولەدایکبووی شاری سلێمانییە. هاوسەرەکەشی ئالان عومەر ئەحمەد 35ساڵ هەر لەدایکبووی سلێمانیە ودوو منالیان هەیە. (ڕاڤیار) 12 ساڵە و(ڕامیار) کەلەهۆڵەندا لەدایکبووە5 ساڵ. ڤیان وخێزانەکەی 9 ساڵە هاتوونەتە هۆڵەندا وئێستا لەشاری (ئاستن) نیشتەجێبوون، وەتائێستا مافی پەنابەرێتیان پێنەدراوە. حکومەتی هۆڵەندا خەریکە بەزۆر وبەپێچەوانەی ویستی خۆیانەوە ئەم خێزانە ناچاردەکات ئیمزایان پێبکات بۆ گێڕانەوەیان بۆ کوردستان.

بەشوێن بڕیاری وەزارەتی کۆچی هۆڵەندیدا لەزمانی (ڕیتا فێردۆنك)ەوە بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی کورد وعێراقی، (ڤیان ڕەئووف) یەکەمین کەس بوو لەلایەن پۆلیسی شاری (ئایندهۆڤن)ەوە کە لەکاتێکدا ڕۆژی سێشەممە 24-1-2006بۆ ئیمزای هەفتانە چووبوو داوای لێدەکرێ بەڵگەنامەیەك ئیمزابکات بۆ ئەوەی گوایا بەپێی ویستی خۆی دەیەوێ بگەڕێنرێتەوە بۆ کوردستان. ئەویش ئامادەنابێت ئیمزای بکات وبەتووندی نارەزایەتی خۆی نیشان دەدات بەو هەنگاوەی پۆلیس. بۆیە پۆلیس بەشێوەیەکی نایاسایی وناشیرین ڤیان ڕاپێچی زیندان دەکەن بەمەبەستی ئەوەی ناچاریبکەن بۆ ئیمزاکردنی بڕیاری ناردنەوەی خۆی وخیزانەکەی. بەڵام ڕاوەستاوی ڤیان وئامادەنەبوونی بۆ گەڕاندنەوەی بەپێچەوانەی خواستی خۆیەوە، دوای بەسەربردنی 4 ڕۆژ لەزیندانی ئینفرادیدا پۆلیس ناچاردەبن ئازادی بکەن. ئێستا دەیانەوێ بەفێڵ بیبەنە باڵویزخانەی عێراقی بۆ ئەوەی پاسپۆرتی بۆ درووسکەن بۆ ناردنەوەی. هەر ئەمڕۆ هاوسەرەکەشی (ئالان عومەر) نامەی داخستنی پەروەندەکەی بەدەسگەشتووە. بەمشێوەیە ئەم خێزانە ئێستا لەبەردەم هەڕەشەیەکی فەوری و بەکردەوەی بەزۆر گێڕانەوەدان بۆ کوردستان.

ئەم هەنگاوەی پۆلیس بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری وەزارەتی کۆچ تائێرە بەڕاوەستاوی ڤیان وخێزانەکەی بەرپەرچدراوەتەوە. بەڵام کۆتایی بەهەڕەشەی ناردنەوەی ئەم خێزانە نەهاتووە. ئەگەر بێت وپۆلیس وحکومەتی هۆڵەندا بتوانێ ئەم خێزانە بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق، مانای وایە دەرگایەك دەخاتە سەرپشت ئەم حکومەتە بۆ ناردنەوەی دەیان هەزار پەنابەری تری عێراقی کەپاش چەندین ساڵ چاوەڕووانی ئیقامەیەکی کاتییان پێدراوە یاخود تائێستاش لەچاوەڕووانیدان. ئەم سیاسەتەی حکومەتی هۆڵەندا دەبێ لەلایەن پەنابەرانی کورد وعێراقی وخەڵکی ئازادیخوازی هۆڵەنداوە بەرپەرچبدرێتەوە. نابێ بهێڵین (ڤیان ڕەئووف) وخێزانەکەی بەزۆر وبەپێچوانەی ویستی خۆیانەوە بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنێك کەلێی هەڵاتوون. ئەبێ کارێك بکەین هەم ئەم خێزانە لەدڵەڕاوکێی ناردنەوە ڕزگاربکەین، ومافی پەنابەرێتیان بۆ مسۆگەر بکەین. وەلەم ڕێگەشەوە ئەم سیاسەتە دژی پەنابەرییەی حکومەتی هۆڵەندا هەڵوەشێنینەوە وداوای بەڕەسمی ناسینی مافی پەنابەری بۆ ئەم خێزانە وهەموو پەنابەران بکەین.

پەنابەرانی کورد وعێراقی!

خەڵکی ئازادیخوازی هۆڵەندا!

حیزب ولایەنەکانی لایەنگری پەنابەران!

حکومەتی هۆڵەندا کەهاوپەیمانی دەوڵەتی ئەمریکایە وبەتووندی پشتیوانی دەکات لەسیاسەتی داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، بەوەرگرتنی ئەم بڕیار وسیاسەتە دژی ئینسانییەی بۆ گێڕانەوەی پەنابەرانی کورد وعێراقی، دەیەوێ خزمەت بکات بەدەوڵەتێکی ئیسلامی-قەومی-تائیفەیی کەلەژێر چەتری ئەمریکادا کۆمەڵگای عێراقیان بەنابوودی تەواو کێشاوە وئارامی وئاسایش وبنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە.

وەرن باپێکەوە بەیەکگرتووییمان لەمپەرێك پێکبێنین بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە ڕاسیستییەی حکومەتی هۆڵەندا ڕابگرین. بابەخەباتی یەکپارچەمان دەیان هەزار خێزان وئینسانی پەنابەری دانیشتووی هۆڵەندا لەم دڵەڕاوکێی ناردنەوەیە ڕزگار بکەین ومافی پەنابەرییان بۆ بەدەس بێنین. فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی وەکو چۆن هەمیشە پشت وپەنای پەنابەران بووە ولەڕیزی پێشەوەی نارەزایەتی وخەباتیاندا ڕاوەستاوە، ئێستاش بانگەوازتان دەکات کە بەهەڵبڕین ویەکخستنی دەنگی نارەزایەتیمان ورێکخستنی ڕیزی خەباتکارانەمان لەدەوری ئەم ڕێکخراوە، هەم ئەم خێزانە لەم دڵەڕاوکێیە دەرباز بکەین وداوای بەرەسمی ناسینی مافی پەنابەرێتیان بۆ بکەین. هەم ئەم پەلامارەی دەوڵەتی هۆڵەندا بۆ سەر پەنابەران بەشکست بهێنین.

**فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی– هۆڵەندا**

2006-1-29